# ڕامان لە "گوناهەکانی دڵنیایی" بەرزان هەستیار
**ئارام سدیق**

یەکێک لەو ئەزموونە شیعریانەی چەند ساڵێکە سەرنجی منی ڕاکێشاوە ئەزموونی شیعری "بەرزان هەستیار"ە. ئەم شاعیرە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەتایبەتیش پاش یەکەم دیوانە شیعری کە بەناوی "نەوەیەک پیرە منداڵ" بڵاو بوویەوە تاڕادەیەک بووەتە خاوەن دەنگێکی تازەی شیعری کوردی، دەنگێک، کە لە خوێندنەوەی بێزار نەبین و بەردەوام وێنەی شیعری نوێ و لە ڕێگای نوێوە بمانباتەوە ماڵی شیعر. لە دیوانی "بەتەنیشت فەنابوونەوە"دا سەرەتای ئەو ئەزموونە بە دیار کەوت، کە بەرزان دەیویست لەسەر شێوازێکی تایبەت بە خۆی و هەناسەی شیعری خۆی جیابکاتەوەو زیاتر بیباتەوە ماڵی عەدەمییەت، ئەو عەدەمییەتە ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە قەسیدەی "ساڵێک لە نیگەرانی"دا هەبوو و کۆی ئەو قەسیدەیەش لە ژێر تەمی هەمان عەدەمیەتدا دێت و دەچێت. بەڵام ئەو قەسیدەیەش خاڵی نییە لە ژیان دۆستی. هاوکات لەپاش ئەو ئەزموونانە بەرزان لە دوا ئەزموونیشیدا (مەبەست لە دیوانی گوناهەکانی دڵنیایی)ە، دیسان هەر لە ماڵە تایبەتەکەی خۆیدایە و لەنێو ئەو ماڵەشدا عەدەمییەت بۆتە هەوێنی زۆرێک لە دەقەکانی نێو ئەم دیوانەش.

گوناهەکانی دڵنیایی، دوا دیوانە شیعری "بەرزان هەستیار"ی شاعیرە، کە لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاوکراوەتەوە و وەک شاعیر خۆی لە پێشەکییەکەیدا ئاماژەی بۆ کردووە "ئەم دیوانە کۆی ئەو شیعرانەی لە خۆگرتووە، کە لە پاش ساڵی (2005)ەوە نوسراون". ئێمە لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەین ناساندنێکی کورت بۆ ئەم دیوانە بکەین، چونکە ئێمە پێشتر لەسەر چەند شیعرێکی نێو ئەم کتێبەمان نووسیوە، کە لە کاتی خۆی شاعیر شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردونەتەوە و بەتێر و تەسەلی ڕای خۆمان لەمەڕ چەند لایەنێکی شیعری بەرزان دەربڕیوە و لێرەدا دووبارەیان ناکەمەوە.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم دیوانە کۆی شیعرەکانی ئەم دیوانە نوێیەی بەرزان بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبێت، بەشێکی ئەو شیعرانەیە کە دەچنە خانەی هەمان ئەو هەناسەیەی دیوانەی "بەتەنیش فەنابوونەوە" و بەشێکیشی ئەو ئەزموونەیە، کە لەپاش ئەو دەبینرێت و وەکو شیعرەکانی "مردن لێرە وایە قوربان، کە بەرزان هەستیاریش دەمرێت، گوناهەکانی دڵنیایی، گەر لە حەق بێم و نەیەم، ئێوارەیەک بۆ خۆکوشتن و چەند دەقێکی تر". واتە دەتوانین بڵێین بەشی یەکەمی ئەم شیعرانە هێشتا بەتەواوەتی وەک ئەزموونێکی کامڵی بەرزان دەرناکەون، بەڵام بەشی دووەمی شیعرەکانی نێو ئەم دیوانە تەواو سیمای ئەزموونەکەی بەرزانی پێوە دیارە و لەو ئەزموونە تایبەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەرزان بۆ ئیشکردن لەگەڵ مەرگ و عەدەمییەتدا تەرخانی کردووە و بەشێوەیەکی وشیار و سیستماتیک کاری لەسەر کردووە. واتە بەرزان بە تێکەڵکردنی ئەم دوو ئەزموونە (تاڕادەیەک جیاوازە) زیانێکی لەم دیوانە نوێیەی داوە، کە زیانەکە لەو خاڵەدایە، کە ئەزموونەکەی لێڵ دەکات و ئەو تۆکمەییەی شاعیر لە دیوانی "ساڵێک لە نیگەرانی"دا پێیگەیشتووە کاڵ دەکاتەوە و تاڕادەیەک تەمی دەکەوێتە سەر. تەمێک کە بەرزان بە تێکەڵکردنی ئەم دوو

جۆرە ئیشکردنە، کە دەکرێت وەکو بەشی یەکەمی ئەم دیوانە، کە شیعرەکانی نزیک لە دیوانی "بەتەنیش فەنابوونەوە"یە وەکو قۆناغی پەڕینەوەی شاعیر سەیر بکەین بۆ ماڵی خۆناسین و خۆبوون. هاوکات بەشی دووەیش جێگیربوونی ئەزموونە شیعرییەکەی شاعیرە.

پێشتر لە یەکێک لە نووسینەکانمدا لەمەڕ ئەم شاعیرە و ئەو ئەزموونەی لەگەڵ مەرگدۆسیتدا ئەوەم خستبووە ڕوو، کە بیرکردنەوەی بەرزان لەمەرگ بیرکردنەوەی ئەو تاراوگەنشینانەیە، کە ژیان هەم لە ولاَت و هەم لەتاراوگەش غەدری لێکردوون و مانایەک بۆ ژیان نەماوە. لەکۆی ئەم شیعرانەشدا شاعیر دەیەوێ بەهەڵبژاردنی مەرگ تەحەدای کۆی ژیان بکات و ژیان بگۆڕێ، چونکە بەبوون ومانەوەی لە نێو ژیاندا ناتوانێ و نەیتوانیووە ژیان بکات و نەیتوانیووە هەموو ڕێگاکان ئاوەژوو بکاتەوە تا نەچنەوە بانە و حەرامەکان حەڵاڵ بکات و درۆکان راست بکاتەوە و درۆزن ببێتە راستگۆ و غەدرەکان نەمێنێ، یان ڕاستر بڵێین ریفۆرم لەکۆی سیستمی ژیانی سیاسی وکۆمەلاَیەتی و رۆشنبیری ئێمەدا بکات. هەروەها هیچ شتێک نەمێنێ بەناوی پیرۆزی وپیرۆزگەراکان وشیار بکاتەوە. کۆی ئەم دیوانە شیعرەش لەو پێناوەدا کار دەکات تا تێڕوانینی نوێ لای خوێنەر بخولقێنێت بۆ شتەکان و دەوروبەر.

دواجار دەتوانین بڵێین بەرزان لەم دیوانەدا تەواو ئەو سیما شیعرییەی جێگیر کرد کە لەیەکەم دیوانە شیعرییەوە کاری بۆ دەکات (هەر چەندە ئەو سەرنجەمان هەیە لەسەر تێکەڵکردنی ئەو دوو ئەزموونە شیعرییە جیاوازەی لەسەرەوە خستمانەڕوو) و بەردەوام لە هەوڵی دەوڵەمەند کردنیدا بووە و ئەو چەند شیعرە کەمەش کە لەپاش ئەو دیوانەوە بڵاوی کردونەتەوەو من بینیومە وەکو درێژکراوەیەکی ئەو ئەزموونە دەوڵەمەندە دەبینرێت لەگەڵ عەدەمییەتدا و کە پێموایە هێشتا بەرزان لە توانایدا کاری زیاتر لەسەر ئەم ئەزموونە بکات بەرێی تردا خوێنەر بباتە ماڵە نوێکانی شیعر و هەر لە سادەییەوە گەشت بە خوێنەر بکات بەرەو قوڵایی عەدەمییەت و مەرگ و دواجار بۆ ژیانێکی نوێی بهێنێتەوە.

* بەرزان هەستیار، "گوناهەکانی دڵنیایی"-شیعر. چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (2009).